

سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان

# تازەگەری

سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پڕۆگرامێکی نوێ و تازەگەرانەیە پاڵپشتی کاروکاسبی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا دەکات، ئەمەش لە ڕێگای ژیاندنەوە و بەگەڕخستنی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی ئابوری لە ڕێگای بە ئامانجگرتنی پڕۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) لە عێراق، هەروەها لە ڕێگای بە ئامانجگرتنی کەرتە سەرەکییەکان و ئەو بزنسانەی کە دەتوانن زۆرترین هەلی کار بڕەخسێنن، و سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) هانی ڕەخساندنی هەلی کار بە شێوەیەکی خێرا و بەرفراوان دەدات.


بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی بازار و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کەرت و پڕۆژەکان، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) فراوان کراوە بۆ ئەوەی چەندین جۆری گونجاندنی جیاواز لەخۆبگرێت، لەوانەش سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی ئافرەتان (EDF-W)، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i)، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی نۆژەنکردنەوە و تەعمیرکردن (EDW-t)، و سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-g)

سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i) بەشێکە لە چوارچێوەی فراوانی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF)، کە بە تایبەتی دیزاین کراوە بۆ ئامانجگرتنی ‹تازەگەری› و پاڵپشتیکردنی کارسازی و درووستکردنی هەلی کار بۆ گەنجان، هەروەها پڕۆژە و کار و بزنسە تەکنەلۆژی و دیجیتاڵییەکان، و ئەو پڕۆژە بازرگانییانەی لە قۆناغی سەرەتاییدان.

تەکنەلۆژیا و پیشەسازی کار و بزنسە نوێیەکان لە عێراقدا هێشتا لە قۆناغی دەستپێکدایە و کەرتێکی بازاڕ پێکدێنێت کە کەم لێی کۆڵراوەتەوە. پشتگیریکردنی کار و بزنسەکان بۆ پەرەپێدان بە داهێنان و دۆزینەوەی شێوازی نوێی بیرکردنەوە لەبارەی بەڕێوەبردنی کارەوە، بازاڕی نوێ و بێ ڕکابەر دێنێتە کایەوە کە دەتوانن گەنجە تازەگەر و کارخواز و کارسازەکان دروست بکەن.

## پاشخان و توێژینەوە

لە ساڵی ٢٠١٩دا هەڵسەنگاندنێکی بازاڕ سەبارەت بە کار و بزنسە تەکنەلۆژییەکان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ەوە ئەنجام درا، ئەم هەڵسەنگاندنە تیشکی خستە سەر زۆرێک لە ئاڵەنگارییە ئابوورییەکان کە بەردەوام ڕێگرن لە بەردەم گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای پشتگیریکراو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە عێراقدا، لەوانەش نەبوونی یەکگرتنەوەی بازاڕ، سەختی دەستگەیشتن بە وەبەرهێنان، بەربەستە ڕێکخراوەیی و یاساییەکان، نەبوونی متمانە بە کار و بزنسە تەکنەلۆژییەکان، و کەمیی هێزی کاری شارەزا. لەم هەڵسەنگاندنەدا، پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیا لە سەرانسەری عێراق ئاماژەیان بەوەدا کە ناوەندی مووچەی مانگانەیان ٧٢٥ دۆلاری ئەمریکیە، کە زیاترە لە دوو ئەوەندەی تێکرای مووچەی گشتی لەسەر ئاستی وڵات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی توانای ناوازەی ئەم کەرتەیە بۆ دابینکردنی هەلی بژێوی ژیانی کوالێتی بەرز بۆ کارخوازە عێراقییەکان.



### تەکنەلۆژیا و داهێنان لە عێراق

هەڵسەنگاندنی بازاڕی بازرگانی کەرتی تەکنەلۆژیا لە عێراق، ٢٠١٩

تەواوی ڕاپۆرتەکە لەم بەستەرە بخوێننەوە:
https://shorturl.at/6Owdl

سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i)، ڕۆڵی خێراکەرێک (accelerator) دەبینێت، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی پاڵپشتیی داراییەوە بۆ کارسازە بەهرەمەندەکان، تاکوو کارە ستارتئەپەکانیان دەست پێبکەن و/یان پڕۆژە بازرگانییە سەرەتاییەکانیان دابمەزرێنن. ئەمەش لە بوارەکانی وەک: گەشەپێدانی نەرمامێر(software development)، بازرگانیی ئەلیکترۆنی(e-commerce)، فێرکاریی ئەلیکترۆنی(e-learning)، چارەسەرە دیجیتاڵییەکان(digital solutions) ، و پڕۆژە تەکنەلۆژییەکانی تر.

سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i) بەتەواوی لەگەڵ بارودۆخی عێراقدا گونجاوە، کە تێیدا ٦٠٪ لە هەلەکانی کار لە کەرتی تایبەتدان، کە زۆربەیان لە کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs)دا هەن. ئەمە بە تایبەت ئاڵەنگارییەکی گەورەیە چونکە دەستگەیشتن بە قەرز و سەرمایە لە عێراقدا سنووردارە یان بوونی نییە، ئەمەش وا دەکات کە بۆ ئەم کار و بزنسانە و کارسازەکانە دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی بۆ دەستپێکردن یان گەشەپێدانی کارەکانیان کارێکی زۆر قورس بێت. سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i) ئەو بۆشاییە گرنگە پڕدەکاتەوە کە کارسازەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە دەستگەیشتن بە بە پاڵپشتیی داراییدا بۆ دەستپێکردن و فراوانکردنی کارەکانیان.

## خستەنەڕووی گشتی

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i) لە ساڵی ٢٠١٩دا پرۆگرامێکی ئەزموونی بە بەشداریی هەشت پرۆژە دەستپێکرد، کە بەدوایدا چەندین خولی دیکەی پاڵپشتیی دارایی هاتن. پشتگیریکردنی پرۆژە داهێنەرەکان لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، موسڵ، کەرکووک، و بەغداد بەردەوامە.

لە رێگەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i)، رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)، گەنجان، ستارتئەپە تەکنەلۆژییەکان، و دەرچووانی پرۆگرامەکانی پەروەردەکردن (incubation) و خێراکاری (acceleration) لەسەرتاسەری عێراق دەکاتە ئامانج.


تا مانگی ئەیلولی ٢٠٢٥، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i) بڕی ١,٤٨٧,٨١٥ دۆلاری ئەمریکی وەک پاڵپشتیی دارایی بۆ ٩٢ پرۆژەی تەکنەلۆژی سەرەتایی و ستارتئەپ دابین کردووە، و ٤٥٦ هەلی کاری ڕەخساندووە.

## هاوبەشی وەبەرهێنان

بۆ ڕەچاوکردنی ئەو مەترسییە زیادانەی کە پەیوەستن بە ستارتئەپ و پرۆژە سەرەتاییەکانەوە — چ بۆ کارسازان و چ بۆ وەبەرهێنەران — سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i) کاردەکات لەگەڵ ناوەندە جیاوازەکانی داهێنان و ئینکیوبەیتەرە ناوخۆییەکان، بەمەبەستی وەرگرتن و ڕەوانەکردنی داواکاری پێشنیارکراو.

## پرۆسەی هەڵبژاردن

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i) پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی چەند قۆناغی بەکاردەهێنێت، کە تێیدا کار و بزنسەکان پاڵاوتە دەکرێن لەسەر بنەمای سیستەمێکی دانانی نمرەی کە پشتگیری دەکرێت لەلایەن پرۆسەیەکی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی وردەوە (due-diligence). ئەو هێڵکارییەی خوارەوە پوختەیەک لەو قۆناغە جیاوازانە دەخاتەڕوو کە کار و بزنسەکان پێیاندا تێدەپەڕن پێش دانانی بەخشینی دارایی (منحە) کۆتایی.






# دەستکەوتە سەرەکییەکانی

### سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان تا ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٥


## پوختەی پاڵپشتیی دارایی و دەستکەوتەکان

کۆی سەرمایەی وەبەرهێراو
**١,٤٨٧,٨١٥$**

کۆی هەلی کاری ڕەخسێراو
**٤٥٦**
٪٣٤ ٪٦٦

کۆی پرۆژە پاڵپشتی کراوەکان
**٩٢**
١٨ ٧٤

## ئەو شوێنانەی پرۆگرامەکە دەیانگرێتەوە






**$٥٢٨,١٩٩**
بەشداریی هاوتا لەلایەن خاوەن کار و بزنسەکانەوە

## جـۆری کار و بزنس بەپێی کەرت



# چیرۆکەکانی سەرکەوتنی

## سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە




> دوو ساڵ لەمەوبەر، من لە کارێکدا دامەزرابووم و ئێستا نۆ هەلی کارم ڕەخساندووە.
>
> تارا محەممەد

### BLACK ACE IT SOLUTIONS

وەک خوێندکارێکی زانکۆی ئەمریکیی عێراق، تارا محەممەد لە یەک کاتدا دوو یان سێ کاری دەکرد، سەرباری ئەوەی خشتەیەکی خوێندنی پڕی هەبوو. پارەی پاشەکەوت دەکرد بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلێک، کە پێی وابوو سەربەخۆییی زیاتری پێدەبەخشێت. بەڵام کاتێک کاتی کڕینی ئۆتۆمبێلە نوێیەکە هات، تارا لەسەر دووڕیانێک بوو. بەڵێنێکی بە خۆی دابوو کە دوای تەواوکردنی کۆلێژ، لە ماوەی پێنج ساڵدا کاری تایبەت بە خۆی دەست پێبکات.

تەواوی چیرۆکەکە بخوێنەرەوە



### ئەپلیکەیشنی بینا (BINA APPLICATION)

دوای کارکردنی لەگەڵ چەندین کۆمپانیای بیناسازیدا، ڕەنوو درکی بەوە کرد کەوا بازاڕ پێویستی بە پلاتفۆرمێک هەیە. بۆیە هەستا بە دروستکردنی ئەپلیکەیشنێک بەناوی "بینا"کە هەمووان بتوانن سوودی لێ وەربگرن، ئەمەش بە یارمەتیی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i).

> ئێستا خاوەنی کاری خۆمم و شەش هەلی کارم لە بواری بازاڕگەری و فرۆشتندا ڕەخساندووە.
>
> ڕەنوو هیوا محەممەد

تەواوی چیرۆکەکە ببینە

**داواکارییەکانتان پێشکەش**
**بە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بکەن**

| | |
|---|---|
| بۆ داوا پێشکەش کردن لە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بە ئۆنلاین، سەردانی وێبسایتی سندوقەکە بکە<br>edf.iom.int | یان هەر لە مۆبایلەکەتەوە ئەم کیو ئاڕ کۆدە سکان بکە و داواکاری پێشکەش بکە |

german cooperation DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT
Implemented by: KFW
Funded by the European Union
KOICA Korea International Cooperation Agency
SUOMI FINLAND